هەولێر-زانكۆی سەڵاحەدین

Salahaddin university-Erbil

# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر سوریا لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپ

(2017-2021)

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە سەرۆکایەتی بەشی زانستە سیاسییەکان، وەک بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکاندا.

ئامادەکراوە لەلایەن:

**سۆژین کریم خدر**

بەسەرپەرشتی:

**د. پەروێز رەحیم قادر**

2022

**پێشکەشە بە ......**

**پێشکەشە بە دایک و باوکی ئەزیزم .**

**پێشکەشە بە سەرجەم فێرخوازانی زانست و هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیان داوم لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە .**

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا سوپاس بۆ خودای گەورە کە هێز و توانای ئەوەی پێبەخشیم لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوە.

زۆر سوپاسی دایکم و باوکم دەکەم کە یارمەتی زۆریان داوم تا بگەم بەم رۆژە .

**راسپاردەی سەرپەرشتیار**

**پشتگیری قوتابی بەکالۆریۆس ( سۆژین کریم خدر ) دەکەم کە بە سەرپەرشتیاری من لە زانکۆی سەڵاحەددین-کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/بەشی زانستە سیاسییەکان ، ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر سووریا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا لە ساڵانی ٢٠١٧-٢٠٢١) ئەنجام داوە ،وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکاندا .**

**واژوو :**

**ناو : پەرویز رەحیم قادر**

**بەروار :**

# پێرست


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١ |
| یەکەم:گرنگی توێژینەوە | **٢** |
| دووەم:ئامانجی توێژینەوە | **٢** |
| سێیەم: پرسیاری توێژینەوە | **٢** |
| چوارەم:گریمانەی توێژینەوە | **٣** |
| پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە | **٣** |
| شەشەم:شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری | **٣** |
| حەوتەم:پێکهاتەی توێژینەوە | **٣** |

| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم:بنەما و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا** | ٤-١٢ |
| باسی یەکەم:چوارچێوە و دامەزراوەکانی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا | ٤ |
| باسی دووەم:بنەما و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا | ٨ |
| **بەشی دووەم: ستراتیژی و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ** | ١٣-١٥ |
| باسی یەکەم: ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەکی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ | ١٣ |
| باسی دووەم : گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | ١٤ |
| **بەشی سێیەم : هێڵە گشتییەکانی ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر سووریا** | ١٦ |
| باسی یەکەم : جەنگی دژی تیرۆر وپەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان (پەیەدە و یەپەگە) | ١٦ |
| باسی دووەم : گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر سووریا : دەستبەرداربوونی ترەمپ لە بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەد | ١٨ |
| باسی سێیەم : کاریگەری پەیوەندییەکانی ئەمریکا وتورکیا لەسەر سیاسەتی ترەمپ لە سووریا | ١٩ |
| **دەرئەنجام** | ٢٠ |
| **لیستی سەرچـــــــــــاوەکان** | ٢١-٢٢ |

## پێشەکی

سیاسەتی دەرەوە یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی بواری زانستی سیاسەت بە گشتی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی.بەو پێیەی سیاسەتی دەرەوە بەرجەستەی بریار، رەفتار، جووڵە و کردەی دەرەوەی دەوڵەت دەکات،سیاسەتی دەرەوە وەک ئامرازی سەرەکی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەژماردەکرێت، دەوڵەتان لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەوە کار و کاردانەوە لە کۆمەڵگای نێودەڵەتی دروست دەکەن وهەوڵی دروستکردنی هەژموون دەدەن وبەرژەوەندی نەتەوەییان دەستەبەردەکەن چ لە ڕێگەی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆبێ، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە باڵا نیشتیمانییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک یەکێک لە باڵادەستترین و زلهێزترین دەوڵەتی جیهان لە رێگای سیاسەتی دەرەوەی خۆی توانیویەتی چ لەسەر ئاستی جیهانی یان نێودەوڵەتی یان هەرێمی و ناوچەیی هەژموونی خۆی بسەپێنێت و بەرژەوەندی و ئامانجە نەتەوەییەکانی دەستەبەر بکات، سەبارەت بە هەژموونی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەوا زۆر لە چالاکیە سیاسیەکانی بەرچاو و بەرجەستەن، هەرچەندە زۆربەی جارەکان رێگەی ناراستەوخۆ دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بسەپێنێت لە جیهاندا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە دیاریکراوی کە ئێمە لەم توێژینەوەیە باسی دەکەین ئەویش سووریایە چونکە دەوڵەتی ناوبراو لەرووی جیۆپۆلەتیکەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێگومان هەموو ئەم کارلێکە سیاسیانەش کارلێک و پرۆسەی ئاڵۆزن بەو ڕادەی هەندێک جار کار لە دەستەی دروستکەرانی بریاریش دەکەن.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە کاریگەریەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەین لەسەر سوریا لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپ کە روون و ئاشکرایە لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپدا سوریا بە ئاڵۆزترین و قورسترێن کاتەکانیدا تێپەردەبوو وئەمەش بوو بە هەلێک بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ ئەوەی سووریا بکەن بە گۆرەپانی کردە سیاسییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان، بەو پێیەی کە سوریا خاوەن جیۆپۆلەتیکێکی گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کێشمە کێش و ململانێکان هەمیشە لەسەری چرتردەبوونەوە.

لە بەرامبەریشدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چ لەو سەردەم یان لە ئێستادا بێت چ بە شێوەی فەرمی یان نا فەرمی بێت توانیویەتی دەستتێوەردان بکات لە زۆربەی چالاکیە سیاسییە جیهانیەکان جا دەرئەنجامەکان دەرئەنجامی پۆزەتیف بن یان دەرئەنجامی نێگەتیف.

## گرنگی توێژینەوە:

١/ ئەم بابەتە بۆتە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و بگرە جیهانیشدا، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک یەکێک لە هێزە جیهانی یاخود نێودەوڵەتیەکان ئەم میکانیزمەی بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە بەکاری دەهێنێت و هەوڵی بەدیهینانی ئامانجەکانی دەدات، هەروەها کاریگەریەکانی لەسەر دەوڵەتی سوریا لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تریش .

٢/ گرنگی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ کورد کە سوریا دراوسێی کوردستانی-عێراقە، پەیوەندی مێژووی و سیاسی و ئابووریان پێکەوە هەیە، هەروەها کاریگەری گۆرانکاریەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاوی کورد لە سوریا

دەژین، بۆیە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی نوێدا دەتوانین بڵێین کە جوڵەی سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان دەبێت .

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنێکی زانستیانە و دەستنیشانکردنی گرنگترین فاکتەرە کاریگەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرامبەر سوریا، هەروەها دیاری کردنی گرنگی سوریا لە ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و سروشتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر سوریا، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە کاریگەریەکانی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر سوریا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا دەکەین.

## پرسیاری توێژینەوە:

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە: ئایا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاریگەری هەبوو لەسەر دۆخی سوریا لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپدا؟

پرسیارە لاوەکیەکان:

١/ گرنگی سوریا لە ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چی بوو؟

٢/ گرنگترین فاکتەرە کاریگەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر دۆخی سوریا چی بوو؟

٣/ سروشتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەمبەر سوریا چی بوو؟

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی سەرەکی: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاریگەری هەبوو لەسەر دۆخی سوریا لە سەردەمی ترەمپدا بەو پێیەی کە سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر سوریا جۆرێک بوو لە سیاسەتی دەستوەردان لە پرسە سیاسییەکانی سوریا.

گریمانەی لاوەکی: سوریا گرنگی هەبوو لە ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە رێبازە زانستیەکانی وەسفی شیکاری و شیکاری ناوەرۆک بەکاردەهێنرێن.

## شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان:

بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان سودمان لە سەرچاوەکانی کتێبخانە وئینتەرنێت وەرگرتووە.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان دابەش کراوەتە سەر سێ بەشی سەرەکی بەم شێوەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە تیۆرییە  لە باسی یەکەمدا باس لە چوارچێوە و دامەزراوەکانی پەیوەست بە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، لە باسی دووەمدا بنەما و فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا شرۆڤە دەکەین.

**بەشی دووەم:**  بەشی دووەم یەکێک لە گرنگترین بەشەکانە چونکە لەم بەشەدا باس لە  ستراتیژی و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە سەردەمی دۆنالد ترەمپ دەکەین وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار دەدەینەوە وەک  پرسیاری ئایا دۆناڵد ترەمپ توانی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بپێکێت یاخود نا.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەرهێلە گشتیەکانی ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی دۆنالد ترەمپ بەرامبەر سوریا کە بێگومان چەند باسێکی گرنگی لێدەبێتەوە وەک جەنگی دژی تیرۆر و پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان (پەیەدە و یەپەگە) یان گۆرانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر سوریا: دەستبەرداربوونی ترەمپ لە بیرۆکەی گۆرینی رژێمی بەشار ئەسەد، وە ئاماژەدان بە کاریگەری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لەسەر سیاسەتی ترەمپ لە سووریا و لە کۆتاییدا باس کردن لە کاریگەری ململانێکانی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا و ئێران لە میانەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە سووریا.

## بەشی یەکەم: بنەما و فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

### باسی یەکەم: چوارچێوە و دامەزراوەکانی کاریگەر لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین سیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێک، درێژکراوەی سیاسەتی نێوخۆیەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەک زلهێزێک تا ئێستاش سیاسەتی دەرەکی جەخت لەسەر بەهاکانی لیبرالیزم و دیموکراسی و ئازادی و سیستەمی سەرمایەداری دەکاتەوە، وە زیاتریش جەخت لەسەر پرسی هەژموونکردنی ئەمریکا دەکاتەوە بۆ سەر جیهان و پاڵپشتی کردنی بەرژەوەندییەکانی، بەردەوام سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بابەتی باو بووە لەو بابەتە گەرم و گوڕانەی کە مشتومڕی زۆری لەبارەوە کراوە و دەکرێت لە نێوەندە حکومی و غەیرە حکومییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەم پێیەش بە کردە و بابەتێکی هەمەلایەن و کۆمەڵی هەژمار دەکرێت. سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا  بریتییە لە هەر کردە و کردارێک کە حکومەتی ئەمریکا دەیکات یان دەیەوێت کاریگەری بخاتە سەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا. وا دەردەکەوێت کە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا تایبەتمەندە بە گۆڕان نەک سەقامگیری، بەو پێیەی ویلایەتە  یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاراکتەر و بکەری سەرەکییە بۆ هاوسەنگکردنی هێزە جیهانییەکان و سیستەمی جیهانی وە هاوبەشی سەرەکی و یەکەی بەرپرس بووە لە زۆرینەی زۆری پرسە سەرەکییەکانی نێودەوڵەتی، کە پەیوەستن و وابەستەن بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پرسەکانی جەنگ و ئاشتی نێودەولەتی. (حوسێن، ۲۰۱۸ :۳۱۷-۳۱۹).

لێرەوە تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بووەتە پێویستییەکی زانستی بۆ فێرخواز ولێکۆڵەری سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی بمانەوێت یان نەمانەوێت، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا ئێستاش گرنگترین و سەرەکیترین جەمسەرە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لە بەرێوەبردنی سیستەمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرجەستەی ئەو هێزە گەورە هەژموونکەرە دەکات کە باڵادەستی هەیە، بەسەر زۆرێک لە ناوچە و هەرێمەکان لە جیهاندا، هەروەها بە حوکمی ئەو هێزە گەورەیەی کە هەیەتی لەڕووی سەربازی و ئابووری و راگەیاندنەکەیەوە، واقیعێکە خۆی سەپاندووە لەسەر زۆرێک لە کایە و ناوەندەکانی

زۆربەی کۆمەڵگاکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، چ لە کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لە کیشوەری ئەمریکا و ئەمریکای لاتین، لەم روانگەیەوە هەوڵ دەدەین شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی بابەتییانە بکەین لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا. (حوسێن ، ٢٠١٨: ٣١٩-٣٢٠).

بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا دروست دەبێت لە ئەنجامی کارلێکی ئالۆز و قورسی نێوان ژمارەیەک لە بواری حکومی و ناحکومی کە لە گرنگترینیان: دامەزراوەی سەرۆکایەتی، دامەزراوەی کۆنگرێس، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، دەزگای زانیاری ناوەندی وە دەزگای ئەنجومەنی نیشتیمانی. ئەوە سەرەرای ئەوەی ژمارەیەکی تری دەزگای ناحکومی لە دەزگا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و رای گشتی و گروپەکانی فشار لێرە و لەوێ، رۆڵ و کاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسە و ئاراستەکانی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیارەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. (حوسێن، ٢٠١٨: ٣١٧-٣١٩).

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین ناوەند و دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدەین:

**یەکەم: دامەزراوە فەرمییەکان**

**ا: دەزگای سەرۆکایەتی ( سەرۆکی دەوڵەت):**

لە بڕگەی دووەمی  ماددەی دووەمی  دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە چەند دەسەڵاتێکی بۆ سەرۆک دیاری کردووە لەوانە :

١-سەرۆک فەرماندەی باڵای سوپا و هیزی دەریاوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەموو هێز و میلیشیاکانی ترە، ئەو کاتانەی داوایان لێ دەکرێت پەیوەندی بە خزمەتی فەرمییەوە بکەن، هەروەها مافی ئەوەی هەیە حوکمەکان دوابخات و ڕایانگرێت، هەروەها دەسەڵاتی لێخۆشبوونی هەیە بەسەر ئەو تاوانانەی دەرحەق یان دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت .

٢-سەرۆک دەسەڵاتی هەیە، بە راوێژ کردن بە ئەنجومەنی پیران و ڕەزامەندی ئەو ئەنجومەنە، گرێدان و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکان بکات بەو مەرجەی کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئامادەبووی ئەو ئەنجومەنە دەنگی لەسەر بدەن. هەروەها دەسەڵاتی هەیە، بە ڕاوێژکردن و وەرگرتنی ڕای ئەنجومەنی پیران لەسەر دەستنیشانکردن و کاندیدکردن و دانانی باڵیۆز و وەزیرەکان و کارمەندە باڵاکان و کونسوڵەکان و دادوەرانی دادگای باڵا، هەموو ئەوانەش ڕۆڵ دەبینن لە کاریگەری دروستکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. (U.S.const. amend. *II*)

**ب : کۆنگرێس :**

دامەزراوەی دەستوری یەکەمە لە سیستەمی سیاسی  ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وە بە دەستەی یاسادانان دادەنرێت لە سیستەمی سیاسی، پێک هاتووە لە دوو ئەنجومەن و کۆمەڵێک ماف وئەرکی گرنگی لەسەرە و کۆمەڵێک بریاری هەستیار دەردەکات، سەبارەت بە رۆڵی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەپاڵ ئەنجومەنی پیران هەڵدەستێت بە رەزامەندی دەربڕین لەسەر ئەو رێککەوتنامانەی کە سەرۆک دەیبەستێت و ئیمزای لەسەر دەکات لەگەڵ دەوڵەتی بێگانە، دەسەڵاتی کۆنگرێس لە دانانی باڵیۆزەکان و کارمەند و کونسوڵەکانە لە دەرەوە هەروەها مەسەلەی تەرخانە داراییەکان لە راستیدا چەکێکی بەهێزە لەدەست کۆنگرێس بۆ ئەوەی فشاری زیاتر دروست بکات لەسەر جێبەجێکردن یان نەکردنی پرۆژەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، یەکێکی تر لە رۆڵە هەرەگرنگەکانی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لە مەسەلەی راگەیاندنی جەنگ. (حوسێن،٢٠١٨: ٣٢٨-٣٢٩)

**دووەم: دامەزراوە فەرمییەکان یارمەتیدەرەکان:**

**ا: وەزارەتی دەرەوە**

هەلدەستێ بە بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا لەسەر ئاستی دیبلۆماسی و دەرەکیدا و رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکیدا.  وەزیری دەرەوە بە راوێژکاری یەکەمی سەرۆکی ئەمەریکا دادەنرێت لە هەمان کاتیشدا وەزیری دەرەوە ئەندامە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. (حوسێن، ٢٠١٨ :٣٣١)

**ب: وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن):**

وەزارەتی بەرگری پێگەیەکی تایبەت و بەهێزی هەیە بەتایبەتی لەناو دامەزراوەکانی دروستکردنی بریاری دەرەکی ئەمریکا، چونکە وەزارەتی بەرگری بەرپرسیارە لە هەمو پرس و کاروباری پەیوەست بە ئەمان و ئاسایشی دەوڵەت، لەسەرەوەی وەزارەت، وەزیرێک هەیە راستەوخۆ پابەند و ملکەچ  و سەر بە سەرۆکی دەوڵەتە. (حوسێن، ٢٠١٨: ٣٣٤)

**ج: ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا:**

هەلدەستێ بە دابین کردن و ناردنی زانیارییە  گرنگ و پێویست و چرو وردەکانی دەربارەی پرسەکانی ئاسایش بۆ ئیدارەی ئەمریکا بەمەش یارمەتیدەری سەرەکی دەبێت بۆ وەرگرتنی بریارە یەکلاییکەرەوەکان هەروەها بۆ

مامەلەکردن لەگەڵ قەیرانەکان بەتایبەتیش بریارەکانی ئاسایشی دەرەکی تایبەت بە مەسەلەی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. (حوسێن ، ٢٠١٨: ٣٣٦)

**د: ئاژانسی زانیاری ناوەندی(C.I.A):**

دەزگایەکی تایبەتە بۆ کارە نهێنی و سیخوری و هەوالگرییەکان، رۆڵیکی گرنگ دەبینێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاد .

کاری هەواڵگری چەند ئامانجێک لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە:

١-کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دەوڵەتان و لایەنەکانیتر چ دۆست بن یان دوژمن.

٢-پوکاندنەوەی پلان و پرۆسە تێکدەرە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان و لایەنەکانیتر .

٣-یارمەتیدانی دارێژەرانی سیاسەت بە زانیاری و شیکردنەوە و هەلسەنگاندنیان. (گۆران، ٢٠١٨: ٥).

**باسی دووەم / بنەما و فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا**

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک لە ژێر کارتێکەری هۆکارگەلێکی زۆردایە، بە باوەری ریالیستەکان فاکتەرە کارتێکەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بریتین لە پێگەی جوگرافی، سەرچاوە سروشتیەکان، رێژەی پسپۆران، دۆخی سەربازی، هەلومەرجی ئابووری و رێژەی زانست و پێگەیشتویی دانیشتوانی شوێندانەر. ستراتیژی و پلانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەهەر سەردەمێکدا، بێگومان لە ژێر کارتێکەری دۆخی ناوخۆی و سیاسەتەکانی ناوخۆیی ئەو ولاتەدا بووە، واتە ئەوە دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە کە وەک پێویستییەک رێگانیشاندەر بووە کە ئەمریکا پێویستە چ ستراتیژییەک، چ میتۆدێک و بەپێی چ پارادایمێک لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕەچاو بکات. ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە گشتی دابەش دەکرێتە سەر دوو دەورە:

**یەکەم/** سیاسەتی دەرەوەی گۆشەگیرانە و دوورەپەرێزانە کە ئەمیش دابەش دەبێت بە گۆشەگیری لەناو سنوورەکانی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا و گۆشەگیری لە قارەی ئەمریکادا.

**دووەم/** سیاسەتی دەرەوەی نێونەتەوەیی بە وەلانانی گۆشەگیری کە لە ساڵی ١٩١٧ بە تێوەگلانی ئەمریکا لە شەری یەکەمی جیهانی دەست پێدەکات. لە راستیدا جەنگی یەکەمی جیهانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای

نێونەتەوەیی کرد، بەلەبەرچاوگرتنی دەسەڵات لە ئەمریکا کە لە نێوان دوو حزبی کۆماریخواز و دیموکراتدا ئالوگۆڕی پێدەکرێت و ئەم دوو حزبەش دوو پارادایمی تەواو لێک جیاواز رەچاو دەکەن. (حوسێنی، ٢٠٢٠).

لەلایەکی ترەوە دەتوانین یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دەستنیشان بکەین لەسەر سیاسەتی گشتی ئەمریکا بە گشتی و سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بە تایبەتی ئەویش بریتیە لە ترامپیزم لە ساڵانی (٢٠١٧ تاوەکو ٢٠٢١)لە ماوەی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپدا، هەرچەندە وا باوە کە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) دامەزراوەییە و بە گۆرینی سەرۆک کاریگەریەکی وای نابێت، بەڵام دەبینین هەر سەرۆکێک بەرنامە و شێوازی کاری جیاوازتری هەبووە، بۆیە بنەماکانی (١٨١٧-١٨٢٥ )( جەیمن مۆنرۆ ) جیایە لە بنەمای (١٩١٣-١٩٢١)( وودرو ویلسۆن) وە هەردوکیان جیاوازن لەگەل (١٩٥٣-١٩٦١و ١٩٤٥-١٩٥٣)( دوایت دی ئایزنهاوەر وهاریس ترومان)، ئەوانەش جیاوازن لەگەڵ بنەماکانی (١٩٧٤-١٩٧٧و ١٩٦٩-١٩٧٤)( جیراڵد فۆرد و ریچارد نیکسۆن)، لە هەمووان جیاوازترلە نێوان ، (٢٠٠٩- ٢٠١٧و ٢٠١٧-٢٠٢١)باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپە کە بەشێک لە پسپۆران ئەو جیاوازیانە دەگێرنەوە بۆ جیاوازی بەرنامەی کۆماری و دیمۆکراتەکان، بەڵام لە کۆتاییدا هەر سەرۆکە و رێرەوێکی نێودەولەتی جیای هەیە، جیاکەرەوەی هەرە بنچینەیی ترەمپ بریتییە لە: سێگۆشەی (ئابووری ئەمریکا – ملکەچی بەرامبەر بە خۆشی)، هەرە گرنگەکەی ئەوەی دواییە کە دەیەوێت بەبێ بەکارهێنانی هێز ئامانجەکان بهێنێتە دی. (ناوەندی توێژینەوەی ستاندەر بۆ راگەیاندن و توێژینەوە ، ٢٠١٨ :١٥).

**لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێکی تر لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بدەین کە بریتین لە:**

**١-پێکهاتەی پیشەسازی-سەربازی:** وا پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە هاوپەیمانێتی و هاوبەشی قۆرخکاری دەولەت و گەورە سیاسیەکان و گەورە بەرپرسانی سەربازی، لەگەل بەرهەمهێنەرانی چەک و خاوەن کارگە و پیشەسازییە ستراتیژییەکان، بەشێک لە پسپۆرانی سیاسەتی دەرەکی ، ئەمریکا بە ستراکچەری جەنگی پیشەسازی ناوی دەبەن military industrial complex هەر دەستەیەک لە ناو ئەم پێکهاتەیە بوونی هەبێت، هەوڵ دەدات بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستەبەر بکات و بپارێزێت، بەو پێیەش ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەستە و لایەنەکانیتریش پتەو دەکات. ئامادەبوون و کۆبوونەوە و کۆکبوونی لایەنەکانی پێکهێنەری ئەم پێکهاتەیە لە ڕاستیدا وای کردووە کە خوودی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەکیدا بەردەوام گەڕانی دەستەبەرکردنی نفووزی زیاتر بکات و هەوڵی هەژموون کردن بدات لە ئاستی سیاسەتی دەرەکی و بوونی ئەمریکا لە هەموو ناوەند و پێگە و ناوچەکانی پشێوی و ململانێ نێودەوڵەتییەکان. بەم شێوەیە ئەم پێکهاتەیە بەرجەستەی بەهێزترین دامەزراوە و دەزگای ئابووری–جەنگی لە ئەمریکا دەکات کە رۆڵێکی یەکجار گەورە و باڵای هەیە لەناو دەزگای سیاسییەکان

و مەسەلەی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بە تایبەتیش بڕیارەکانی پەیوەست بە پەنابردن و بەکارهێنانی هێز و جەنگ، تەنانەت بەشێک لە توێژەران پێیان وایە بڕیاری بەشداری ئەمریکا لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەژێر کاریگەری ئەم پێکهاتەیەوە بووە. (حوسێن، ٢٠١٨: ٣٣٨-٣٤٠).

**٢-گروپەکانی فشار:** چەمکێکە بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵە کەسانێک کە پەیوەندی کۆمەلایەتی یان سیاسی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام یان کاتی، جۆرێک لە هەڵسوکەوتی تایبەت دەسەپێنێت لەسەر ئەندامەکانی، لەپاڵ گروپی فشار گروپی بەرژەوەندیش هەن کە مەبەست لێی کۆمەڵە خەڵکێکە کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، ئەو بەرژەوەندییانەی کۆیان دەکاتەوە جیاوازە لە بەرژەوەندی خەڵکانی تر، سیستەمی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی زیندووە بۆ بوون و نمایشی کاریگەری ئەو جۆرە گرووپانە، بەردەوام لە هەوڵی فشار کردندان لەسەر حکومەت و دروستکەرانی بڕیار و کۆنگرێسی ئەمریکا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سروشتی تایبەتی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکا. رۆڵ و کاریگەری ئەم گروپانە کە رەهەندێکی سیاسی و ئابووری هەیە، بە زیندووی دەردەکەوێت لە سیستەمی ئەمریکا، وای کردووە ئەم سیستەمە هەڵگری سروشتێکی هەمەلایەنە بێت. (حوسێن،٢٠١٨: ٣٤١-٣٤٣).

**٣-راگەیاندن و رای گشتی:** ڕای گشتی ئەمریکی بە یەکێک لە پایە گرنگە کاریگەرەکان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ((ناوخۆیی – دەرەکی)) لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنرێت. راپرسیە گشتیەکان یەکێک لە ئامرازەکانی گوزارشتکردنە لە کاریگەری رای گشتی.

**بە گشتی ئەو هۆکار و فاکتەرانەی بوونەتە هۆی مانەوەی ڕای گشتی لە ئەمریکا بریتین لە:**

**ا-گروپەکانی فشار:** تا رادەیەکی زۆر وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت بۆ دروستبوونی ڕای گشتی و کارایی لەسەر حکومەت، لە ئەنجامی جمووجۆڵ و چالاکی ئەو گروپانە کە دەبنە هۆکارێک بۆ جووڵاندنی ڕای شەقام .

**ب-هۆیەکانی راگەیاندن:** لەلایەن بەرپرسانی سیاسی و ئیداری حکومەت وەک سەرچاوەیەک هەژمار دەکرێت بۆ پێوەرکردنی ڕای گشتی، چونکە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنڕا تیبینی و سەرنج و دیدی نوخبەی ڕۆشنبیری دەگوازنەوە و دەبنە هۆیەک بۆ هۆشیاری خەڵک و بەئاگا هێنانەوەی ڕای گشتی .

**ج-دەستەبژێرەکان:** وەک ئاوێنەیەکی گرنگ وان بۆ ڕەنگدانەوە و کارتێکردن لەسەر ئاراستەی ڕای گشتی بە تەواوەتی و کایگەری بەهێز لەسەر پرۆسەی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی.

**د-هەڵبژاردنەکان:** ئەگەرچی ڕێژەیی بەشداریی کردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە لایەن گەلەوە، لەم چەند دەیەی کۆتاییدا لە ئەمریکا کەمی کردووە، بەڵام تا ئێستاش هەڵبژاردنەکان بە وێستگەیەکی گرنگ دەناسرێت بۆ نمایش کردنی هێزی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و لەسەر مانەوە و نەمانەوەی سەرۆک دواجار لەسەر نەهجی راستەقینەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، هەروەها هەڵبژاردنەکان بەرجەستەی گەورەترین دەرکەوتە و پرسی بەژداری سیاسییانەی خەڵک و ڕای گشتی دەکەن لە ئەمریکا. (حوسێن، ٢٠١٨: ٣٤٤-٣٤٥).

**٤-لۆبییەکان:** فراوانترین وباوترین بۆچوونەکان لە ئەمریکا لە بارەی سیاسەتی دەرەکی و فاکتەرە کاریگەرەکانی، ئەوەیە کە لۆبی جوولەکە کاریگەریەکی بەهێزیان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، کە بە بەهێزترین لۆبی هەژمار دەکرێت لە رووی ئامادەبوونی لە دەست نیشانکردنی ڕێڕەو و ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بەتایبەت بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. ڕاستە گرووپەکانی تری بەرژەوەندی و فشار هەن، زۆرجار توانیویانە کارتێکردن بکەن لەسەر ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، بەڵام هیچ یەکێک لەم گروپانە بەقەد گرووپی فشاری لۆبی جوولەکە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە لە ئاست قەناعەت پێکردنی گەل و بەرپرسانی ئەمریکا لەوەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لە ڕووی جەوهەرەوە لۆبی جوولەکە دابەش دەبێت بەسەر دوو گرووپدا: گروپێکیان فەرمین کە لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکی-ئیسرائیلی یە کە بەرجەستە دەبێت لە ڕێکخراوی ئایپاک AIPAC. ئەوەی دووەمیان لەسەر ئاستی نافەرمییە کە بریتییە لە گرووپەکانی فشاری ڕاگەیاندن و دارایی، کە لە توانای دایە کۆمەکی خەرجییەکانی هەڵبژاردن و کاندیدەکانی تازە لە کۆنگرێس و سەرۆکایەتیش لە ئەستۆ بگرێت لە بەرامبەر گرەنتی کردنی بەرژەوەندی و سیستەمەکانی لۆبی جوولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل. (حوسێن، ٢٠١٨: ٣٤٧-٣٤٨).

**٥-دامەزراوەکانی فیکر و ناوەندەکانی توێژینەوە و دیراسات:** گروپێک لە خەڵکی شارەزان کە بەیەکەوە کۆ دەبنەوە لە ڕێکخراوێکدا، بەتایبەتی لەلایەن حکومەتەوە، بۆ دەستنیشانکردنی کێشە جۆراوجۆرەکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەکانیان . (Think-Tanks, 2019)

## بەشی دووەم : ستراتیژی و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ

### باسی یەکەم : ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەکی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ

لە بنچینەدا ئایندە ئەو هەلە مێژووییەیە کە ئەمریکا لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا ئەو سەرکەوتنەی لە قۆناغی کۆتایی جەنگی ساردا بە بێ خوێن ڕشتن بە دەستی هێناوە، کە بە ڕاشکاوی ئاوێتەیە لەگەڵ باڵادەستی ئامانجەکانی ئەمریکا. ئەو هەلە مێژووییە هەمیشەیی نابێت بەو پێیەی کە هیچ یەکێک لە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی هەتا سەرنین، بەڵام لە (٢٥) ساڵی ئایندەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مەبەستی زامنکردنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە ڕابەرایەتی ئەمریکاوە بەر ئێمە و زۆر لە دانیشتوانی جیهان دەکەون، لە جیهانێکدا کە ئاڵۆزتر دەبێ، دێتە مەیدانەوە. (ئەحمەد, ٢٠١٩)

ئەمەریکا بە هەموو هێز و توانایەوە کە هەیەتی، لە (٢٥) ساڵی داهاتوودا ناتوانێت بە شیوەیەکی هەمیشەیی دەسەڵاتی بەسەر ئەم جیهانە پان و پۆڕەدا بشکێ و چاودێری بکات هیچ وڵاتێکی تریش ئەو توانایەی نابێت. مێژوو هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژی لە پێشە، هەمەجۆری کلتوورەکانی مرۆڤایەتی هەروا بەردەوامە و لایەنگری و هەواداری بۆ دەسەڵات و سەرچاوەکانی هەست وجۆش و خرۆشیش هەروەک و جاران لە ژیان (ستراتیژی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەدەی ٢١، ٢٠٠٥، p. ١٣)

لە بنەڕەتدا سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تەوەربەند بوو لەسەر دژبوون بە ئێران، واتە پێیوابوو ئەگەر تۆ دژ بە ئێران بیت، ئەوا لە ریزی ئەمریکا دایت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بەرهەڵستی ئێران نەکەیت، ئەوا بە شێکی لە کێشەکە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئیدارەی ترەمپ بەم شیوەیە لە مەسەلەکەی دەروانی، هەر ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو کە پشتیوانی سعودیەی لە دژی قەتەر کرد، بەڵێ ئێمە دەزانین کە یەکێک لە ئەولەویەتە بە پەلەکانی ئیدارەی ئەمریکا تێکشکاندنی تیرۆرستان و بەتایبەتی داعش بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، پرسێک بوو ببووە جێی بیرکردنەوەی سوپای ئەمریکا و لەم رووەوە توێژینەوەیان دەکرد کە چۆن هاوکاری عێراق و سوریا بکەن و چۆن دۆخی ئەم دوو وڵاتەیان ئارام و سەقامگیر کردبایەتەوە لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. بەڵام ئەمەش کار و ئەرکێکی قورس بوو، بەتایبەتی بۆ لایەنێکی دەرەکی. (گوڵان،٢٠١٧)

### باسی دووەم : گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

یەکێک لە گۆرانکارییە زۆر دیارەکان لە سەردەمی ترەمپ لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بریتییە لە روبەرووبوونەوەی تیرۆر.

رەگەکان دەگەرێتەوە بۆ جەنگەکانی ئەمریکا لە دەریای ناوەراست لە ماوەی ساڵانی سەرەتای دامەزراندی ئەمریکادا بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهاندا گشتگیرتربوو، رووداوەکانی ١١ی

سێپتێمبەریش بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی دەرەکی پەنا بباتە بەر هێزی سەربازی وەک ڕێگەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

دواتریش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و چوونی داعش بۆ ناو سوریا وایکرد ئەمریکا سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی بەسەردابێت بە تایبەت سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ، وە ئەوەی سوریا پێیدا تێپەر دەبوو لە سەردەمی ترەمپ لە ئاڵۆزترین و گرینگترین کاتەکانی سوریا بوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سوریا بەشێکی گرینگ و بەرچاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە لایەک و وە دابەشکردنی لایەنەکانی ئەو ڕووداوانە و دەستێوەردانیان لە سیاسەت و هەڵوێستی ناوەکی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی تر.

هەڵمەتێکی فراوانی سەربازی داگیرکردن، هێرشی ئاسمانی بێسنوور، هیچ یەک لەو ئەڵتەرناتیڤانە بەشێک نەبوون لە لە گوتاری ئیدارەی ترەمپ لەسەر چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بەتایبەت لە عێراق، بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و تیرۆر لە عێراق و سوریا، ئەمریکا پێویستی بە ستراتیژیەتێکی ڕۆشن هەبوو کە تا ئەو کاتەش بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئاستێکی یەکجار گەورەدا نەکەوتبووە ژێر هەڕەشەوە کە پێویستی کردبا ستراتیژیەتێکی لەو شێوەیەی بۆ عێراق و سوریا دابرێژێت، تا ئەو کاتەی جەنگی ناوخۆیی سوریا بەردەوام بێت و تا ئەو کاتەی ئەو هۆکارانەی ئەو هۆکارانەی کە داعش وگروپە تیرۆرستییەکانیان لە عێراق دروست کرد، هەر بمێنن ئەوا جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر کۆتایی پێ نایەت، سەرەرای ئەوەی کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی خۆیدا ترەمپ ڕەخنەیەکی زۆری لە سیاسەتی ئۆباما دەگرت و داوای دەکرد پێگەی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش تۆختر و بەرچاوتربێت، بەڵام لە پسپۆران و شرۆڤەکارانی بواری ستراتیژی و جەنگ پێیان وابوو ئیدارەی ترامپ کار لەسەر هەمان ستراتژییەتی قۆناغی کۆتایی ئیدارەی ئۆبامای دەکرد، ئەمریکا باشی دەزانی شکستی داعش بە مانای سەرکەوتنی تەواو نەدەهات لە جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆردا، لەبەر ئەوە پێنەدەچو بیر لە جێگرەوەیەکی تەواو جیاواز بۆ ستراریژییەتی پێشووی ئەمریکا بکاتەوە، یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترەمپ بریتی بوو لە ڕووبە ڕووبوونەوەی ئیسلامی رادیکاڵی توندڕەو، بەڵام واقعی جەنگەکانی ئەفغانستان و عێراق و سووریا، سەلماندی کە ئەمریکا ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت ئەگەر وەکو وڵاتێکی داگیرکەر بناسرێت. بە ورد بوونەوە لە ستراتیژییەتی گشتی ترەمپ و ئەو وێنەیە کە تا ئەوساش بەشێکی ڕۆشن بوو دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ترەمپدا ئەمریکا کەمتر لە جاران لەو جەنگ و ململانێیەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهاندا هەبوو کارابوو، ئەوە بە مانای گۆشەگیری نایەت، بەڵکو مەیلێکی گشتی لە ئەمریکا دروست ببوو کە دەبوو کەمتر لە جاران دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتاندا بکات. (هادی, ٢٠٢١)

## بەشی سێیەم: هێڵە گشتییەکانی ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر سووریا

## باسی یەکەم: جەنگی دژی تیرۆر وپەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان (پەیەدە و یەپەگە)

پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆژئاوای کوردستان پەیوەندییەکی کاتی و زادەی پێویستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراو کە ئەویش جەنگی دژ بە رێکخراوی تیرۆرستی داعشە لە سوریا. بۆیە چاوەروانی رۆژئاوای کوردستان بۆ پەیوەندییەکی ستراتیجی درێژخایەنە لەگەڵ ئەمریکییەکان هیچ نییە جگە لە خۆشباوەری بە پارێزبەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا لە ١٩ی دیسێمبەری ٢٠١٨ە، (١) نزیکەی ١٥ بنکەی سەربازی لە کەناری رۆژهەڵاتی رووباری فورات هەبوو لە باکووری سوریا، (٢) بەڵام ئاشکرایە نە سوریا و نە باکووری ئەو وڵاتەش کە بە رۆژئاوا ناسراوە گرنگییەکی جیۆستراتیجی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبووە. رەنگە گرنگیپێدانی زیاد لە پێویستی ئەمریکییەکان بە رۆژئاوای کوردستان لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆی سوریا لە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان لەو وڵاتە بگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار:

١/ هەڵکەوتەی رۆژئاوای کوردستان بە جۆرێکە ئەمریکا دەیتوانی لێوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی بە کامترین تێچووی ماددی دژی رێخراوی داعش ئەنجام بدات.

٢/رۆژئاوای کوردستان کارتێکی فشارە لە مامەڵەی واشنتۆن – ئەنقەرە: لەم ساڵانەی دواییدا تورکیا بە جۆرێک جیاوازە لەو پشخانە مێژووییەی کە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیبووە سیاسەتی کردووە، بە تایبەت بەهۆی بەشداری نەکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش.

٣/ رۆژئاوای کوردستان خاوەن هێزێکی نیمچە سەربازی تۆکمەی خاوەن عەقیدەی سەربازی و ئەزموون و بیروباوەڕ کە بە هاوکارییەکی کەمی لۆجیستی و سەربازی لە جەنگی پارتیزانی و تیرۆردا بەسەر رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا سەردەکەوێت لە بری ئەمریکا جەنگی دژ بە داعش ئەنجام دەدا ئەمەش گرنگیەکی زۆری بۆ ئەمریکییەکان هەبووە لە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش چونکە ئەمریکا وەک هێزێکی پرۆکسی شەڕڤانانی کوردیان بەکار دەهێنا و ئەفسەر و کەسانی ئەمنی خۆیان رۆڵی ڕاهێنەر و سەرپەرشتیکارییان بینیوە بەمەش

ئەمریکا کەمترین زیانی گیانی دژ بە تیرۆر لە سوریا ڕزگاری بوو(لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ). (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان , ٢٠١٨)

لە لایەکی ترەوە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا واتە ڕۆژئاوا دەکرێت، لە زۆر گۆشە نیگاوە بخوێندرێتەوە جگە لەو بۆچوونەی کە وابەستەیدەکات بە تەماحە ئابوورییەکانی ئیدارەی ترەمپ. بڕ و جۆری نەوتی ئەم کێڵگانە و دۆخی ڕۆژئاڤا ئەوە نیشان دەدەن کە ئەمریکییەکان پاڵنەری سیاسی و ئاسایشییان هەیە بۆ مانەوە لە ڕۆژئاوا، نەک تەماحی بەدەستهێنانی ئەم کێڵگە نەوتییانە. لە کاتێکدا لایەنەکانیتری شەڕی سووریا بۆ هۆکاری ئابووری پێویستیان بەم نەوتە هەبووە و هەیە، بەدەر لەوەی ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە چیان لەم کێڵگە نەوتییانە دەوێت، مانەوەی ئەم هێزانەی ئەمریکا بۆ ڕۆژئاڤا سوودی گەورەی ئابووری و ستراتیجی هەیە و لە گەلێک دوژمنی ڕاستەوخۆ دەیپارێزێت، بەڵام دوور نییە تەنگەژە و گرفتیشی بۆ دروست بکات لەگەڵ دیمەشق و ڕووسیا و هەندێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە. (حسێن, ٢٠١٩)

ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر ڕاگەیاندنی ئیدارەی ئەو کاتەی کوردەکانی ڕۆژئاوا، توند نەبوو. بەڵکو تەنها نیگەرانی دەربڕی، ئەوەی لە هەڵوێستی ئەمریکادا هەستی پێدەکرا دژایەتی نەکردنی ئیدارە کاتییەکەی ئەو کاتەی خۆرئاوای کوردستان بوو، ئەمەش پەیوەندی بەو شەڕانەوە هەبوو کە پەیەدە لە دژی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک بەرەی نوسرە ئەنجامیدا و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو لە بچووک کردنەوەی نفوزی ئەم هێزە جیهادییانە، ئەمریکا پێی وابوو بوونی هێزێکی کاریگەری وەک پەیەدە لە سووریا گرنگ بوو بۆ ڕێگرتن لە بەهێزبوونی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان. (ژووری توێژینەوەی سیاسی-بزووتنەوەی گۆڕان, ٢٠١٥)

## باسی دووەم: گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر سووریا

### دەستبەرداربوونی ترەمپ لە بیرۆکەی گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەد

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا، ئەمریکا ڕایگەیاند هەر هەوڵێک لە لایەن بەشار ئەسەدەوە بدرێت بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، ئەوە ڕووبەڕووی لێدانی سەربازی ئەمریکا دەبێتەوە ئەمەش بووە هاندەرێک بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بتوانێ سیستەمی سووریا لە هەر هەوڵێک ڕابگرێت. ستراتیژییەتی ئەمریکا لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا تا کۆتا ساتەکانی دەسەڵاتی ترەمپ چەند قۆناغێکی تێپەڕاند کە بە کورتی باسی لێوە دەکەین:

لە قۆناغی یەکەمی جەنگی سووریادا ستراتیژی ئەمریکا ئەوەبوو مەودای ململانێی سووریا درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی ژێرخانی رژێم و توانای سەربازی تێکبڕوخێت بۆ ئەوەی ئەمریکا پلانەکانی دابڕێژێت و دواتر پلانی سەرەکی بریتی بوو لە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل، بەڵام ئەوەش لە بیر نەکەین کە بیرۆکەی لە دەسەڵات لابردنی بەشار ئەسەد یەکێک بوو لە پلانە سەرەکییەکان بەڵام بە شێوەیەک بێت کە سەرەتا وا بکەن کە رژێمەکەی ئەسەد ئەوەندە لاواز بکەن کە وای لێبکەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت، لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە ترەمپ بڕوای بە بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سووریا نەبوو بۆیە لە ناوەڕاستی ٢٠١٧دا پرۆگرامی پڕچەک کردن و ڕاهێنانی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سووریای ڕاگرت، کە هاوپەیمانیکردنی یەپەگە و یارمەتیدانی شوێنی گرتەوە. (عبدلله, ٢٠٢١)

دواتر ترەمپ لە نیسانی ٢٠١٧دا و لە نیسانی ٢٠١٨دا لە دژی رژێمی ئەسەد لە سووریا لە تۆڵەی هێرشی کیمیایی خان شەیخون و دوما، فەرمانی دا بە موشەک باران. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨دا ترامپ ڕایگەیاند ئێمە لە دژی داعش براوەین و بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنەکانی وەزارەتی بەرگری ڕایگەیاند فەرمانی بە کشانەوەی هەموو سەربازەکانی لە سووریا کرد. (هادی, ٢٠٢١)

## باسی سێیەم: کاریگەری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لەسەر سیاسەتی ترەمپ لە سووریا

لەم کۆتاییانەدا سیاسەتی حکومەتی تورکیا بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیبوو لە زۆر کایەدا وەک ئەوەی لە بەشەکانی پێشووتر باسمان لێوە کرد، گرنگی پێدانی ئەمریکا بە رۆژئاوای کوردستان پەیوەندی بە دوو فاکتەری سەرەکی هەبوو، یەکەمینیان ئەمریکا پرسی کۆبانێی وەک کارتێک بەکاردەهێنا بۆ فشار کردن لە تورکیا بۆ ئەوەی بەژداری شەری داعش بکات، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی ئەمریکا تورکیا وەک یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی سوننی ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆ زۆر گرینگە بەشداری لە شەری داعش بکات، بۆ ئەوەی

شەڕەکە بە شەڕی ( ئیسلام و مەسیح) لێکنەدەنەوە، لە هەمان کاتتدا بەشداری کردنی تورکیا ڕێگە خۆش دەکات بۆ هاوپەیمانی ناتۆ کە ڕۆڵێکی گرنگ لەم شەڕەدا بگێڕێت. دووەم لە شەڕی کۆبانێدا ئیدارەی ئەمریکا دەیویست بە هەر نرخێک بێت ڕێگە لە چەکدارانی داعش بگرێت لە کۆنترۆڵ کردنەوەی ئەم شارە بۆ ئەوەی نەبێتە سەرکەوتنێکی سیاسی و مەعنەوی بۆ داعش، جگە لەمانە ئەمریکا بێ هیوا ببوو لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد و گرووپە توندڕەوەکان بە تایبەتی دوای ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی کە مەشقی سەربازی پێ دەکردن چەکەکانیان فڕێدا یان چوونە نێو ( داعش و بەرەی نوسرە )، هەر بۆیە هێزە کوردییەکانی بە باشترین نژاردە زانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە سووریا. (عبدالله, ٢٠٢١)

**دەرئەنجام:**

١/ لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوو دەست تێوەردانی ئەمریکا لە سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتانی جیهاندا بە ئاشکرا دەبینرێت و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەمە بکات.

٢/ ئەمریکا بەردەوام بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت هەتا ئەو شوێنەی پێویست بکات، هاوکاری و هاوپەیمانی لەتەک وڵاتانی تری جیهاندا پەرە پێدەدات.

٣/ سەردەمی ئیدارەی ترەمپ و سووریا سەردەمێکی تەواو ناجێگیری بە خۆوە بینی چ لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە.

٤/ ئەمریکا و ئیدارەی ترەمپ لە سەردەمی بەشار ئەسەد پەیوەندییەکانییان بە تەواوی کەوتە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونەوە.

٥/ جیاوازی ستراتیژی و بەرژەوەندی نێوان نێوان ئەو هێزانە کە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە قەیرانەکانی سووریا بە تایبەت ئەمریکا و رووسیا بە هۆکارێکی سەرەکی قەیرانەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت.

٦/ هەڵبەت ئەمریکا بە دوای ئامانجەکانی خۆی و گەرەنتی بەرژەوەندییەکانی و پاراستنی هەژموونی جیهانی خۆیەتی لە ناوچەکە لە قەیرانی سووریادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانینی بەرپرسانی ئەمریکا بۆ ئەولەویەتی ئامانجەکان و ئامرازەکانی بەدیهێنان بە پێی گۆڕانکارییە ئیدارەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٧/ لە ماوەی ئیدارەی ترەمپ زیاتر جەخت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکرایەوە، ڕوانینی ترەمپ بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆی چڕ دەکردەوە لە ئەولەویەتدان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەو ڕوانگەیە کاریگەری هەبوو لەسەر چۆنییەتی مامەڵە کردن لە پرسی سووریا.

٨/ لە ئێستادا لە ئیدارەی بایدن کە سەرۆکی ئەمریکایە وا پێشبیبی دەکرێت جیاوازتر لە ئیدارەی ترەمپ ڕێچکەیەکی تایبەت بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا ئەویش بە جەخت کردنەوە لە تێپەڕاندنی هەموو کەم و کورتییەکانی ئیدارەی ترەمپ و گرتنەبەری ڕێکاری سیاسی و دیبلۆماسی کاریگەر.

## لیستی سەرچاوەکان:


**سەرچاوە کوردییەکان**

**کتێب**

١. حسین, ش. (٢٠١٨). سیاسەتی دەرەکی لەگەڵ چەند نموونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی (ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران ، تورکیا). هەولێر: تەفسیر.
٢. ئەنجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا . (٢٠٠٥). ستراتیژی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەدەی ٢١. سلێمانی: ڕوون.
٣. ئەنجومەنی داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا . (٢٠٠٥). ستراتیژی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەدەی ٢١. سلێمانی
٤. کامران احمد محمدامین، داڕمان و بە کۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، ٢٠١٧، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

**توێژینەوە و بڵاوکراوەکان**

١. حسێن, م. (٢٠١٩). ئەمریکا و کێڵگە نەوتییەکانی رۆژئاڤا: ململانێ لەسەر نەوتێکی بێبازار لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازیدا. سلێمانی: KCCRC.
٢. حوسێنی, ش. (٢٠٢٠). جیاوازیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نێوان دوو حزبی کۆماریخواز و دیمۆکراتدا. تیشک, ٣-٤.
٣. عبدلله, ئ. ئ. (٢٠٢١). سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر سووریا( ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ وەک نموونە). هەولێر: کۆلێژی زانستە سیاسییەکان .
٤. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان . (٢٠١٨). بژاردەکانی بەردەم رۆژئاوای کوردستان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا. political studies, ٤-٥.
٥. هادی, ک. ک. (٢٠٢١). سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە سووریا لە سەردەمی باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ لە ساڵی (٢٠١١ تا ٢٠٢٠)، توێژینەوە، ٢٠٢٠-٢٠٢١.

**دووەم؛ سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. (Congress, 1981)
2. Radwell, S. D. (2021). American Schism: how the two enlightements hold the secret to healing our nation. Greenleaf.
3. Robert Lerner Althea K. Nagai . (1996). American Elites
4. U.S.const.(١٧٨٧) .
5. Vogel, S. (2008). The Pentagon:A History : the untold story of the wartime race to build the Pentagon . Random house trade paperbacks.
6. Weiner, T. (2006). Legacy of Ashes

## سایتی ئەلیکترۆنی :

١. گوڵان . (٢٠١٧, ٨ ٢). Retrieved ٣ ,٢٠٢٢ from١٧ , گوڵان میدیا: www.gulanmedia.com
2. Think-Tanks. (2019, April 22). Retrieved January 24, 2022, from SearchCIO: https://searchcio.techtarget.com/definition/think-tank?amp=1